# »هەر پێشێلکارییەك بەرانبەر بەژن بکرێت، دەسەلآتی سیاسیو یاسایی لێی بەرپرسیارە »

**سازدانی: ئارا ئیبراهیم**

هەلاڵە رافع، بەرپرسی رێکخراوی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان و شێلتەری نینا لەوڵاتی سوید بۆ هاوڵاتی دەدوێ.

رێکخراوی داکۆکیکردنی ژنان لە وڵاتی سوید ماوەی ١٦ساڵە لەو وڵاتە دامەزراوە، بەرپرسی رێکخراوەکە باس لە کاری رێکخراوەکەیان و ئەو کەیسانە دەکات کە سەردانیان دەکەن، هاوکات پێشیوایە، لە کوردستان کەموکورتی لەسیستمی سیاسیو یاساییدا هەیە و لە ناو حیزبە کوردییەکاندا رێگریی لە چوونە پێشەوەی ژنان لە مەسەلە سیاسییەکاندا دەکرێت.

**هاوڵاتی: بەإێزتان بەرپرسی رێکخراوێکی داکۆکیکارن لە وڵاتی سوید، لەکەیەکەوە ئەو رێکخراوەتان دامەرزاندووەو کارەکانتان لە چ چوارچێوەیەکدایە؟**



هەلاڵە رافع: رێکخراوی داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان لەساڵی ١٩٩٤وە لەوڵاتی سوید دروستبووە، رێکخراوێکە لەسەر دوو تەوەر کاردەکات، بەشێکی لەسەر هۆشیارکردنەوەیە، بەشێکی دیکەشی کاری کرداری (عەمەلی)ە، بۆ هەردوو کارەکە ئێمە هاوکاری ژنان دەکەین، بەتایبەت ئەو خێزانو ژنانەی کە کێشەی کۆمەلآیەتییان هەیە، ژنانو کچانی گەنج یان خۆیان یان لە إێگەی دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە پەیوەندیمان پێوە دەکەن، لەإێگەی خۆیانەوە پەیوەندی بەخێزانەکانیانەوە دەکەین، ئەوانەی کە دێن، بەشێکیان کێشەی رۆتینی خێزانیان هەیە .بۆنمونە ناتوانن بەهرەمەندبن لەو ئازادیو دەستکەوتانەی کە بۆ هەر ژنێکی ئەم کۆمەڵگایە دابینکراوە. بەشێکی دیکە لەکێشەکان، کێشەی جیابوونەوەو بەشوودانی زۆرە ملێو لێدانو هەڕەشەی کوشتنە، حەتمەن ئێمە هانی ئەوە نادەین کەجیابونەوە دروست ببێت لە نێوان ژنو مێرددا. لە یەکەم هەنگاودا، هەوڵدەدەین لە ڕێگەی وتوێژو ڕێنمایی لە لایەن کەسانی پسپۆرەوە، کیشەکە چارەسەر بکرێ. لەخراپترین حاڵەتدا، ئەگەر تاکە ڕێگا جیابوونەوە یان داڵدەدان بێت، ئەوا کۆمەکی پێویستیان بۆ دابین دەکرێت.

**هاوڵاتی: ئەو کەیسانەی کە دێنە لاتان تەنها کوردن، یان خەڵکی بیانیش لەخۆدەگرن؟**

هەڵاڵە رافع: زۆرترینی کەیسەکان کوردو عەرەبن، کە رووەمان تێدەکەن، نەك تەنها عەرەبی عێراقی، بەڵکو هی وڵاتانی دیکەشی تێدایە. زۆر نەتەوەی تر وەك فارسو تورکیش دێنە لامان، تایبەتمەندییەکانی رێکخراوەکە ئەوەیە، کە لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی لە ناوەندەکەدا ئیش دەکەن، بەپێی ئەزموونی کاریان، وە شارەزاییان لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، دەزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشانەدا بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسانەی هانامان بۆ دێنن، متمانەی زیاتر بە کارەکانمان بکەن.

**هاوڵاتی :دەوترێت ئەو کچانەی پاۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێکدا لە ئەورووپا ئەنجامدەدەن، جیابونەوە لەنێوانیاندا زووتر روودەدات، بەبەراورد بە هەرێمی کورستان؟**

هەڵاڵە رافع: ئاسان نییە بەراوردکاری بکەین لەنێوان ئەوروپاو کوردستان، پیاوێك کەماوەی 15ساڵە لەئەوروپایە، حەتمەن کلتورو بۆچونی ئەو شوێنەی وەرگرتووە کەتێیدا دەژی. بۆ کچێکیش کە تازە دێتە ئەوروپا، کاتێکی زۆری دەوێ، تابتوانن لە یەکتر تێبگەن، هەندێ جار ئەمە دەبێتە هۆی جیابوونەوە. زۆرجار کەسێك لە کوردستان ژن دەهێنێ، مامەڵەی ئەوێ بەکار دێنێ لێرە لە بەرانبەر ژنەکەی ڕێگرە لە بەردەم ئازادیو پێشکەوتنی کەسایەتی ژنەکەیدا، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەو جیابوونەوە، بەڵام مەرج نییە هەمووکات پیاوەکە کەمتەرخەم بووبێت لەبەرانبەر ژنەکەیدا، بەڵکو لەوانەیە ژنو پیاوەکە خۆیان نەگونجابن پێکەوە.

**هاوڵاتی: ساڵانە چەند کەیستان بۆ دێت؟ چۆن هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان دەدەن؟**

هەڵاڵە رافع: ئێمە لەساڵێکدا نزیکەی (١٥٠) کەیسمان بۆ دێت، کەپێویستیان بەیارمەتییە. هەندێکیان یارمەتی مەعنەوییە کە قسەی بۆ بکرێتو رێگەی پێ نیشان بدرێت کە چۆن کێشەکانی چارەسەر بکات، بەشێکی دیکەشی ئەوەیە کە کردارییە، پەیوەندیدارن بەداموو دەزگاکانی دەوڵەتەوە وەك، هاوکاری سۆشیال، گرتنی پارێزەر بۆکێشەکانیان، یان هێنانی پزیشکی دەروونیو توێژەری کۆمەڵایەتی، بەشێکی تر لەکەیسەکان هەڕەشەیان لەسەرەو پێویستیان بەداڵدەدان هەیە، شوێنمان هەیە داڵدەیان دەدەین.

**هاوڵاتی: لەگەڵ رێکخراوێکی سویدی دا، چ جیاوازییەکتان هەیە؟**

هەڵاڵە رافع: ئێمە لەشێوەی مامەڵەکردنی کوردو عەرەبو تورکو فارسدا شارەزاین، چونکە هەمووەمان رۆژهەڵاتین، بەڵام سویدییەکان لەو فەرهەنگو کۆدە کۆمەڵایەتییانەدا شارەزا نین، کە ژنانی ئێمە لەئەوروپا کێشەیان هەیە، ئەمەش بە خوێندن بەدەستنایەت.

**هاوڵاتی :لەهەرێمی کوردستاندا، حاڵەتی خۆسوتاندنو خۆکوشتن لەناو لاواندا هەیە، بەتایبەت ژنان، ئەو دیاردەیە لەناو کچو ژنی کورد دا لە ئەوروپا چۆنە؟**

هەڵاڵە رافع: وەکو خۆسوتاندن نا، بەڵام تا ساڵی رابردوو دیاردەیەك هەبوو کە کچان لەباڵکۆنەکانی ماڵەکانیاندا خۆیان هەڵدەدایە خوارەوە، بەڵام ئێستا رێژەکە کەمتر بۆتەوە، ئەوەش وەك خۆسوتاندنی

کچانێك وایە کە لەکوردستان روودەدات. خێزانەکان لەدەرەوە(ئەوروپا) هانی کچەکانیان دەدا کە خۆیان لەباڵکۆنەکاندا بخەنە خوارەوە، بەمەبەستی ئەوەی بەو شێوەیە ناوی لێ بنرێت، کە کچەکە خۆی خۆی کوشتووە کەس بەرپرسیارێتی هەڵنەگرێت. پێموایە خۆسوتاندنەکەی کوردستانیش لە هەمان چوارچێوەدایە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەرپرسیارێتی هەڵنەگرێت. کچەکە لە ڕووی دەروونییەوە وای لێدەکرێت تا خۆی خۆی بسوتێنێت و کەسوکاری بەرپرسیارێتی هەڵنەگرن و روبەرووی یاسا نەکرێنەوە، ئەوەی کە من دەیبینم خۆسوتاندن لەهەرێمی کوردستاندا، بە رێژەیەکی زۆر زیادی کردووە، بەداخەوە قسەی لەسەر ناکرێتو شاراوەیە.

**هاوڵاتی: پێتوانیە ئەوە ئەرکی رێکخراوەکانە، کە هۆشیاری لەبارەی خۆسوتاندنی ژنانەوە بڵاوبکەنەوە؟**

هەڵاڵە رافع: ماوەیەکی زۆر ژنان دەکوژران، بەڵام ئەگەر لەساڵێکدا (١٠٠) ژن بکوژرایە (١٠) تاوانبارت لەزینداندا نەدەبینی، هۆکارەکەی ئەوەیە کە کەموکورتی لە سیستەمی یاساییو سیاسیدا هەیە، ئەگەر رێکخراوەکانی ژنانیش دەستیان هەبێت بۆ چارەسەرکردن لەسیستمێکی وادا دەستیان دەگیرێتو رێگری دەخرێتە بەردەمیانو ناتوانن لەگەڵ ئەم سیستمەدا بێنەوە. هەر پێشێلکارییەك بکرێت یەخەی حکومەت دەگرێتەوەو دەسەڵاتی سیاسیو یاسایی لێی بەرپرسیارە، رێکخراوی ژنان رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنینو نابنە دەسەڵات، بەڵام دەسەڵات دەبێت بەشێوەیەکی زۆر کۆنکرێتییانە بەرگری لەژنان بکات، تاوانبار بخرێتە زیندانەوەو هەر پێشێلکارییەك کرا بەرانبەر بەژنان دەسەڵات خۆی بەلێپرسراو بزانێت، نەك بیخاتە ئەستۆی رێکخراوەکانی ژنان. إێکخراو دەتوانێ دەورو نەخشی هەبێت لە چاککردنی بارودۆخی ژنانداوە فشارێك بێت بۆ سەر دەسەڵات، بەڵام ئەگەر إێکخراوێك خۆی ڕازی بێت بە سیستەمو یاسای دەسەڵاتێکی دواکەوتوو کەواتە ناتوانێت گۆڕانکاری بە بەرژەوەندی یەکسانی کۆمەڵایەتی بە دەستبێنێ .

**هاوڵاتی :بۆچونت چیە لەسەر بەشداری ژنان لەبڕیاری سیاسیدا لەهەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا لە ١٩ وەزارەتی حکومەتی هەرێمدا، تەنها یەك وەزیری ژن هەیە؟**

هەڵاڵە رافع: ژنان لەئەوروپا لەناو سیستەمی سیاسیدا بەشدارنو رۆڵی سیاسی خۆیان دەبینن. بێگومان ئەو سیستەمە سیاسییە، جێگا بۆ پیاو و ژن دەکاتەوەو ژنانیش دەتوانن ئەو رۆڵە ببینن، کە کۆمەڵگا دەیەوێت، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستاندا ئەو رۆڵە نادات بەژنانو ناتوانن بچنە پێشەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕێگریان بۆ دروست دەکرێ، لەبەرئەوەیە تائێستا ژنان نەیانتوانیوە ڕۆڵی خۆیان لە بڕیارە سیاسییەکاندا ببینن، دەبێت ژنانێك کە خەبات بۆ یەکسانی ژنو پیاو دەکەن هەماهەنگی لە کارو چالاکییەکانیاندا بکەنو نەترسانە کۆڵنەدەربن لەبەردەم ئەو رێگریانەدا کە دێتە رێیان.

سەرچاوە: هاوڵاتی / ژمارە ٦٤٥